# گرافیک دیزاینی ڕۆژنامە ئەلکترۆنیەکان و بەرپرسیارێتییە ئیتیکی و یاساییەکانی

**عومەر ئەحمەد ڕەمەزان، محەمەد جەمال ئەحمەد**

کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە:** ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوە زانینی ئاستی پشتبەستنی ڕۆژنامە ئەلکترۆنییەکانە بە گرافیک دیزاین و پەیڕەوکردنی ڕادە و ڕێژەی بەرپرسیارێتی ئیتیکی و یاسایی تێیدا، ئەم توێژینەوەیە لە جۆری پەسن (وەسفی)یە بە ئامانجی شیکردنەوە و ناساندن و خستەڕووی گرافیکەکان و وەسفکردنی بە شێوەی داتا، پاش شیکردنەوەی لە ڕواڵەت و ناخی بابەتەکان، کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە ڕۆژنامەکانی باس نیوز و پەرەگراف، سامپڵی توێژینەوەکەش بریتییە لە گرافیکەکانی ئەو دوو ڕۆژنامەیە لە بەرواری 2022/2/1 تا 2023/1/28، کە لەو ماوەیەدا بۆ هەریەکێکیان 91 نمونە وەرگیراوە و شیکردنەوەی ناوەڕۆک بۆ نمونەکان کراوە.

توێژینەوەکە گەیشتووە بەو ئامانجەی زۆرێک لە بابەتە ڕۆژنامەنووسییەکان گرافیکی بۆ کراوە، بەڵام لە ئاستی پێویستدا نییە و بەشێک لەو بابەتانەی پێویستیان بە گرافیک بووە گرافیکیان بۆ نەکراوە، هەروەها بە نزیکەیی سەرجەم بابەتە ڕۆژنامەنووسییەکان جگە لە یەک نمونە سەرچاوەی وێنە ئاماژەی پێ نەکراوە، سەبارەت بەوەی تا چەند گرافیکی بابەتەکە گوزارشت لە بابەتە ڕۆژنامەنووسییەکە دەکات، لە نیوە زیاتر زۆر ئاماژەی پێدەکات، بەڵام لەو لایەنەشەوە کە تارادەیەک و کەم ئاماژەی پێ دەکات، ٧٣ نمونەی تێدایە، کە نزیک دەبێتەوە لە نیوە، هاوسەنگی لە نێوان یەکە تایپۆگرافیەکانی گرافیکەکانیشدا لە ئاستێکی زۆر باشدایە.

لە بەشێک لە نمونەکاندا پێشێلکاریی ئیتیکی و یاسایی بەدی دەکرێت، لە پێوەری لایەنگری، نیشاندانی قوربانیان و تۆمەتباران و کەسوکاریان، ئادابی گشتی و بەها کۆمەڵایەتییەکان، جنێودان و تۆمەت خستنەپاڵ و هاندان بۆ تیرۆر و توندوتیژی، بەڵام بەگشتی ڕەچاوی ڕاستگۆیی کراوە، لە هەمان کاتدا وردەکاری تاوان و ئامرەکانی ئەنجامدانی تاوان بە گشتی نیشان نەدراون و سوکایەتی بە بیروباوەڕ و ئایین نەکراوە و زیان بە ڕێزی ئایین و ئایینزاکان نەگەیەنراوە

## پێشەکی

ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی بوونەتە بەشێکی گرنگ لە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەدا و لە چوارچێوە جیاوازەکاندا لە ئاستێکی بەرزدا زۆرێک لە خەڵکی پێوەی سەرقاڵن و بەشێکی ژیانی ڕۆژانەیان بۆ سەرقاڵبوون پێیەوە بەسەر دەبەن، بەهۆی زۆربوونی تێڕوانینە جیاوازەکان و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاشەوە کە کارئاسانی بۆ پەخشکردنی ئەو ڕۆژنامانە کردووە، ئێستا ژمارەیەکی زۆر دامەزراوەی میدیایی هەن کە بەشێوەی ڕێکخراو و ناڕێکخراو لەو بوارەدا کار دەکەن، تەنانەت بەشێک لە تاکەکانی کۆمەڵگە ئێستا خاوەنی پێگە و لاپەڕەی تایبەت بە خۆیانن، هەموو ئەمانەش وای کردووە کە ململانێیەکی توند دروست ببێت بۆ ئەوەی پەیامەکان بەخێرایی و بە کاریگەریی زۆرەوە بگەیەنرێن بە جەماوەر، جەماوەریش بۆ دۆزینەوەی سەرنجڕاکێشترینیان و باشترینیان بەردەوام لە بەدواداچووندایە. ئەم فراوانبوونەی ڕۆژنامەنووسی لەم ڕوانگەیەوە وایکردووە، بەشێک لەو تاک و دامەزراوانە ڕەچاوی بنەمای ئیتیکی و یاسایی بکەن، بەڵام نەبوونی سنووری ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی و کۆنترۆڵنەکردنی بە ئاسانی وایکردووە پێشێلکاریی لە زۆر ڕووەوە تیایدا بە ئەنجام بگات، بە تایبەتی لە ڕوانگەی ئیتیکی و یاساییەوە، لە هەمان کاتدا ڕۆژنامە ئەلکترۆنیەکان بە مەبەستی زیاتر گەیشتنیان بە وەرگر گرنگی بە لایەنی گرافیک دەدەن و کاری گرافیک بووەتە بەشێکی گرنگی کاری ڕۆژنامەنووسی، بۆیە ئەم توێژینەوە تیشک دەخاتە سەر گرافیک دیزاینی ڕۆژنامە ئەلکترۆنیەکان و بەرپرسیارێتییە ئیتیکی و یاساییەکانی.

## بەشی یەکەم
## میتۆدنامەی توێژینەوەکە

### یەکەم ـ کێشەی توێژینەوەکە:

لە قۆناغی دیاریکردنی بابەتی توێژینەوەدا، دەستنیشانکردنی کێشە هۆکارێکە بۆ یەکلاکردنەوەی بابەتی توێژینەوە (الحیزان. محمد. 2004. ص42)، لەم ڕوانگەیە دەستنیشانکردنی ئەم بابەتە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لە بارەیەوە، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەست بە کێشەیەک کراوە لە هەرێمی کوردستاندا، کە بریتییە لە ناڕوونی لە دیزاینی گرافیکی ڕۆژنامە ئەلکترۆنییەکان، بە تایبەت لە ڕوانگەی ئیتیکی و یاساییەوە، ئەمەش پێویستی بە دۆزینەوەی چارەسەر هەیە تا کاری ڕۆژنامەوانیی بە گشتی بەرەو پرۆفیشناڵی بڕوات و نەخشەسازیی و گرافیکی ڕۆژنامە ئەلکترۆنییەکان بە تایبەتی بەرەو بەرپرسیارێتی ئیتیکی و یاسایی هەنگاو بنێن. بەم شێوەیە کێشە دەبێتە بناغەی توێژینەوە و بەشێوەیەکی سروشتی هیچ توێژینەوەیەک نییە بەبێ بوونی کێشەیەک (نجم. طه. ص42)، کێشەی ئەم توێژینەوەیەش ژمارەیەک پرسیار دروست دەکات کە پێویستییان بە وەڵامدانەوە هەیە، بە مەبەستی ڕوونکردنەوە و ڕەواندنەوەی ئەو

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 10، العدد 3(2024) ؛ عدد الصفحات (10)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v10n3y2024.pp37-46

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 10 آذار 2024؛ قُبل في 24 نيسان 2024؛ نُشرت في 18 تموز 2024؛

البريد الإلكتروني للمؤلف : muhamadj83@gmail.com

حقوق الطبع والنشر ©2024 عومەر ئەحمەد ڕەمەزان، محەمەد جەمال ئەحمەد. هذه مقالة الوصول اليا مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

تەمومژانەی لەو بارەیەوە دێنە ئاراوە، هەربۆیە ئەم پرسیارانە دەخەینە ڕوو، تا لە وەڵامەکانیاندا بگەین بە ڕێگاچارەیەک بۆ کێشەکە، وەک:

1. گرافیک دیزاین چییە و چۆن بەکار دەهێنرێت؟
2. بەکارهێنانی گرافیک دیزاین لە چ ئاستێکدایە و تا چەند بەکار هێنراوە؟
3. ئەو بنەما ئیتیکی و یاساییانە چین کە پێویستە لە کاری گرافیک دیزایندا ڕەچاو بکرێن؟
4. دیزاینەران، بە تایبەت دیزاینەرانی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی چۆن کارەکەیان ئەنجام بدەن و بە چ شێوازێک ڕەچاوی بنەما ئیتیکی و یاساییەکان بکەن؟
5. بەرپرس و سەرنووسەرانی ڕۆژنامە ئەلکترۆنییەکان تا چەند ڕەچاوی بنەما ئیتیکی و یاساییەکانیان کردووە لە ڕۆژنامەکانیاندا؟

## دووەم ـ ئامانجی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە کار بۆ بەدیهاتنی چەند ئامانجێک دەکات، کە گرنگترینیان بریتین لە:

1. ناساندن و ئاشنابوون بە گرافیک دیزاین.
2. دیاریکردنی بنەما ئیتیکی و یاسایە بەکارهێنراوەکان لە گرافیک دیزایندا.
3. زانین و دیاریکردنی چۆنێتیی ڕێکخستنی کاری دیزاینەرانی ڕۆژنامە ئەلکترۆنییەکان بە تایبەت لە بواری گرافیک دیزاین و بەرپرسیارێتییەکانی سەر شانیان.
4. زانینی ئاستی پشتبەستنی ڕۆژنامە ئەلکترۆنییەکان بە کاری گرافیک لە بابەتە دیاریکراوەکانیاندا.
5. دیاریکردنی ڕەچاوکردنی بنەما ئیتیکی و یاساییەکان لە گرافیک دیزاینی ڕۆژنامەنووسیی ئەلکترۆنیدا و شێوازی بەکارهێنانی.

## سێیەم ـ گرنگی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە چەند ڕوانگەیەکەوە گرنگە، بەتایبەت بۆ ئەو دیزاینەرانەی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن کاری گرافیکی دەکەن، هاوکات بۆ ڕۆژنامەنووسان و بەرپرسانی ئەو کەناڵانە، بەو پێیەی تا ئێستا بەرچاوڕوونی و ڕێنمایی و یاسایەک تایبەت بەو بوارە بوونی نییە و پێویستی بە ڕێکخستن هەیە. لایەنێکی دیکەی گرنگیی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە دەبێتە سەرچاوەیەکی نوێ بە زمانی کوردیی بۆ میدیاکاران و نەخشەسازان و خوێندکار و توێژەران کە لەم بابەتەدا کەموکورتیی هەیە و دەبێتە هۆی زیاتر پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە زانستییەی لەم ڕووەوە دروست بووە. لە ڕووی تیۆرییشەوە ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ سەرجەم ئەو کەس و توێژەر و خوێندکارانەی دواتر دەیانەوێت توێژینەوە لەم بارەیەوە ئەنجام بدەن و دەبێتە هەوڵێکی دیکەی زانستیی تەواوکاریی تایبەت بەم بوارە و ئەو بۆشاییەی دروست بووە پڕ دەکاتەوە.

## چوارەم ـ جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە:

جۆری توێژینەوەکە پەسن (وەسفی)یە، بەهۆی تایبەتمەندی و سروشتی ئەو چەمکانەی لە توێژینەوەدا باس کراون، وەک (گرافیک دیزاین، ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی، بەرپرسیارێتی ئیتیکی و یاسایی)، بە مەبەستی خستنەڕووی کێشە و وەڵامدانەوەی پرسیاری توێژینەوەش و بۆ گەیشتن بە ئامانجە دەستنیشانکراوەکانی توێژەر کار بە ڕێبازی ناخشیکاری کراوە. بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیشی لە لایەنی پراکتیکیدا، توێژەر ڕێکاری ڕوپێویی، شیکاری ناوەڕۆک بەکار دەهێنێت.

## پێنجەم ـ ئامرازی توێژینەوەکە:

بە مەبەستی دەستخستنی زانیاری و وردبوونەوە لە بابەتی توێژینەوە و بەدەستهێنانی ئامانجەکان، فۆڕمی ڕووپێوی بەکارهێنراوە، کە گروپێک لە پسپۆڕانی تایبەت بە جیا کە پێکهاتبوون لە (پ. د. سامان فەوزی، پ. د. هێرش ڕەسوڵ موڕاد، پ. ی. د کارزان محەمەد، پ. ی. د. ئەکرەم فەرەیدون حەمەئەمین و د. کاروان عەبدوڵڵا هەوارمی) فۆڕمەکەیان خراوەتە بەدەست و هەڵسەنگاندنیان بۆ کردووە، دواتر سەرنجی خۆیان لە بارەیەوە خستووەتە ڕوو، توێژەریش بە وەرگرتنی سەرنجەکانیان و تەواوکردنی فۆڕمەکە و تێبینیکردن ڕووپێویی بۆ نمونە وەرگیراوەکان کردووە و داتاکانی ڕێک خستووە.

## شەشەم ـ کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە ڕۆژنامە ئەلکترۆنییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان، لە نێویاندا ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی پەرەگراف و باس نیوز وەرگیراون کە جیاوازن لە شێوازی کارکردن و سیاسەتی کارکردنیاندا و لە چوارچێوەی ڕۆژنامە ئەلکترۆنییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستاندان. بۆ سامپڵی توێژینەوەش لە هەریەک لە ڕۆژنامەکانی پەرەگراف و باس نیوزدا ساڵی دەستکرد دروست کراوە و 91 نمونە بە بۆ هەر چوار ڕۆژێک یەکەمین نمونەی ئەو ڕۆژە وەگیراوە.

## حەوتەم ـ سنووری توێژینەوەکە:

أ ـ سنووری کات: نمونەی بابەتە ڕۆژنامەنووسییەکانی بڵاوکراوە لە ماوەی 2022/2/1 تا 2023/1/٣١ وەرگیراوە.

ب ـ سنووری شوێن: هەرێمی کوردستان

ج ـ سنووری بابەت: ڕۆژنامەی ئەلکترۆنییەکانی پەرەگراف و باس نیوز وەرگیراون و گرافیک دیزاینی بابەتە ڕۆژنامەنووسییەکانی دیاری کراوە.

## هەشتەم ـ ڕاستی ڕواڵەتیی توێژینەوەکە:

توێژەر ڕاستی ڕواڵەتیی بۆ بڕگە و بەشەکانی فۆڕمی ڕووپێویی بەکار هێناوە و پاش ئامادەکردنی فۆڕمی سەرەتایی توێژینەوە، فۆڕمەکە خرایە بەردەستی چەند پسپۆڕێک لە بواری ڕاگەیاندندا، بە تایبەت لە بواری پسپۆڕیی توێژینەوەکە بە مەبەستی تۆمارکردنی تێبینی و هەڵسەنگاندنی بڕگە جیاوازەکان، پاشان لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنیان و بەپێی پسپۆڕیی خۆیان جەختیان لە گۆڕانکاریی لە ژمارەیەکی کەم لە بڕگەکاندا و گۆڕینی هەندێک لە زاراوەکان کرد، کە لە کۆتاییدا ئەنجامی ڕاستیی فۆڕمەکە دەکاتە 86.66% کە ئەم ڕێژەیە ئاماژەیە بۆ ڕاستیی توێژینەوەکە و ڕێژەیەکی زانستییە.

## نۆیەم ـ ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:

**گرافیک دیزاین:** لەم توێژینەوەیەدا مەبەست نەخشەسازیی ئەو گرافیکانەیە کە بۆ بابەتە ڕۆژنامەنووسییە جیاوازەکان کراون و بڵاوکراونەتەوە.

**ڕۆژنامە ئەلکترۆنییەکان:** لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لێی ئەو ڕۆژنامانەیە کە بابەتە ڕۆژنامەنووسییە جیاوازەکانیان بە شێوەی ڕۆژانە تێدا بڵاو دەکرێتەوە و لە ڕێگەی میدیای ئەلکترۆنییەوە پەخش دەکرێن.

**بەرپرسیارێتی ئیتیکی و یاسایی:** مەبەست لێی زۆرێک لەو پرەنسیپە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی و پیشەیی و کەسییانەیە کە لە کۆمەڵگەدا جێی سەرنجن و بە شێوەی بۆماوەیی یان دامەزراوەیی بێت کۆمەڵگە لەسەری کۆکن کە نابێت پێشێل بکرێن.

## بەشی دووەم
## پاری یەکەم: گرافیک دیزاین

گرافیک (Graphic)، بە مانای نوسراو ـ کێشراو ـ نەخشکراو دێت، کە لە رووی وێنەگرییەوە تایبەتە بە هونەرە وێنەگرییەکانەوە، لە هەمان کاتدا تایبەت بە هەڵکۆڵینی کانزا یان بەرد یان دار دێت، لە لایەکی دیکەوە پەیوەندیی بە هونەری چاپکەرییەوە هەیە کە پەیوەندیدارە بە وێنە و هێڵەکانی روونکردنەوە و نەخشە و نووسینەوە (عەبدول. جەمال. 2006. ل295).

وشەی گرافیک لەو وشە بەربڵاوانەیە کە لە ئێستادا لە سنوورێکی بەرفراوان بەکار دەهێنرێت لە پسپۆرییە زانستی و هونەرییەکاندا، لەم ساڵانەی دواییشدا زیاتر پەرەسەی سەندووە، لە بوارە فراوانەکاندا، تەنانەت جۆرەها چالاکی هاتوونەتە ژێر ئەم ناوەوە، فەرهەنگی وبستەر چەمکێکی دیکەی بۆ گرافیک داناوە و دەڵێت: ئەو هونەر یان زانستەیە کە نوێنەرایەتی شتە سێ ڕەهەندییەکان لەسەر ڕوویەکی دوورەهەندیی دەکات لەبەر مەبنای یاسا بیرکارییە تایبەتەکان، کاتێکیش دەبێتە (graphic Design) دەبێتە نەخشەسازیی گرافیکی بە شێوەیەکی گشتی جا لە بواری ئەندازیاریی کارەبا یان هەر بوارێکی دیکە بێت لە بوارە ئەندازیارییەکان، هەروەها پەیوەندیی بە بوارە جیاوازەکان لە پیشەسازی و هونەرە کردەییەکان و هونەرە جوانەکانەوە هەبووە (محمود. سمیر. 2011. ص256-257).

دیزاین بریتییە لە گۆڕینی شێوەی بابەتێکی نووسراوی بێپەرەنسیپ بۆ شێوەیەک کە ڕێکخستن و جوانکاری نوسینەکە ئارەزووی خوێندنەوەی لەلای خوێنەر دروست بکات و بە جۆرێک کە بارێکی بە پرەنسیپ و ئەندازەیی بدات بەو وشە و بابەتە ڕۆژنامەگەرییەی کە لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەدا بڵاو دەبێتەوە (حەمەئەمین. ئەکرەم. 2018. ل31).

دیزاینی ڕۆژنامەوانی، دابەشکردنی یەکەکانی تایپۆگرافیایە لەسەر پانتایی لاپەڕەکە، کە هەڵبژاردنی ئەم یەکانە و بەرزکردنەوەیان بەپێی پلانێکی دیاریکراو دەبێت (ئیبراهیم. ئاریانا. 2018. ل23).

### ئەرک و ئامانجەکانی گرافیک دیزاین:

تێڕوانینی توێژەران بۆ ئەرک و ئامانجەکانی دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی و گرافیک دیزاین لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت، بەڵام بەگشتی زۆرینەیان لەسەر چەند بنەمایەک کۆکن، لەوانە:

1. سەرنجڕاکێشانی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی ڕۆژنامەکە، یاخود بۆ هەڵبژاردنی ڕۆژنامەیەکی دیاریکراو لەنێو کۆی ڕۆژنامەکان (حمةامین. اکرم. 2021. ص71).
2. هاندانی گرنگیپێدانی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی ڕۆژنامەکە، تا بابەتەکانی بخوێنێتەوە، ئەوەش بۆ ئاسانکاری و ڕێنیشاندان بۆ خوێندنەوە و تا ئەوپەڕی توانا ئاسانکاریی بۆکردنی، ئەگینا خوێنەر دەستەرداری دەبێت (حمةامین. اکرم. مصدر سابق، ص71).
3. بەدەستهێنانی هەمەڕەنگی و جوانکاریی ڕواڵەتی هونەری سەرنجڕاکێش بۆ ڕۆژنامە، ڕزگارکردنی لە بنەماکانی یەکشێوەیی و بێزارکردن لە ڕێگەی ڕەچاوکردنی بەها هونەری و جوانکارییەکانەوە لە کاری دابەشکردنی ناوەڕۆکەکانی هەر لاپەڕەیەک (خلیل. سمیر. 2015. ص26).
4. پێدانی ناسنامەیەکی بەهێز بۆ ڕۆژنامەکە و جیاکردنەوەی لە ڕکابەرەکانی، بە شێوەیەکی جیاواز و تایبەت، نابێت، بەڵام نابێت نائاسایی و بەدەر بێت لە ئاشنایەتی (خلیل. سمیر. مصدر سابق، ص26).
5. پێدانی ئارامیی بینین، بۆ ئەوەی وەرگر چاوی ماندوو نەبێت و هەست بە ئارامیی بکات بەهۆی دابەشکاریی وێنە و شێوەکان لە ڕۆژنامەدا بە شێوەیەکی هاوسەنگ (أبو عرجة. تیسیر. و عبدالله. نسرین 2014. ص24).

### پاری دووەم: ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی

گەشەکردنی تۆڕی ئینتەرنێت لە سەرەتادا وەک تۆڕێکی بچوک لە کۆمپیوتەر پێکهات، کە حکومەتی ئەمریکا بۆ توێژینەوە و پەیوەندیکردنی سەربازی کە لەو کاتەدا بە ئاربانێت (ARBAnet) ناسرابوو، کورتکراوەی ناوی تۆڕی گفتوگۆکردنی پرۆژەی گەڕانی پێشکەوتوو بوو، لە هەمان کاتدا زانکۆکان و ڕێکخراوەکانی دیکە تۆڕی کۆمپیوتەری تایبەت بە خۆیان دامەزراند، لە کۆتاییدا هەموویان لە ڕێی تەلەفونەوە پێکەوە گرێ دران و تۆڕی ئینتەرنێتیان پێکهێنا، بە خێراییش بووە هۆکارێک کە هەموو تاکێک دەیتوانی لە ڕێی کۆمپیوتەر یان مۆدیۆمێکەوە بە بەرنامەی پەیوەندیی، لە ڕێی ئەم تۆڕەوە پەیوەندیی ئەنجام بدات (جراهام. أیان. 2004. ص19). بڵاوبوونەوەی تۆڕی ئینتەرنێت هۆکارێکی بنەڕەت بوو بۆ دەرکەوتنی ڕۆژنامەوانیی ئەلکترۆنی، سەرەتای ئەو قۆناغەش بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کاغەزیی بوو لەسەر پێگەی تایبەت لەو تۆڕە لە سەرەتای ساڵی 1992 کە ڕۆژنامەی شیکاگۆ تریبیۆن ئەنجامی دا (رمضان. علیاء. ص9). لە توێژینەوە و نوسراوە عەرەبی و بیانییەکاندا ئەم جۆرە لە ڕۆژنامەنووسی بە چەندین شێوە ناوی هاتووە، لەوانەش ڕۆژنامەوانیی ئەلکترۆنی ( Electronic journalism)، ڕۆژنامەوانیی دیجیتاڵی (journalism Digital)، ڕۆژنامەوانیی بە یارمەتی کۆمپیوتەر (journalism Computer Assisted)، ڕۆژنامەوانیی ئۆنلاین (Online journalism) (موسی. بیرق. 2015. ص145):

ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی شێوەیەکە لە شێوەکانی بڵاوکردنەوەی ئەلکترۆنی کە ئەزموندارن یان ئارەزومەندان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت ڕێکی دەخەن و تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەی کاغەزی و ئینتەرنێتی وەک ئامرازێکی نوێ تێدا پێکەوە گرێ دەدەن، کە چەندین شێوەی جیاواز و ئاماژە دەخاتە ڕوو (رمضان. علیاء. ص130). لە دونیای تەکنەلۆژیادا هیچ شتێک نوێ نییە (دانسی. مارسل. 2018، ص246)، کەواتە ناتوانین بە ڕۆژنامەوانیی ئەلکترۆنی بڵێین، ڕاگەیاندنی نوێ، چونکە لە هەموو حاڵەتێکدا ڕۆژنامەوانیی بەردەوام لە بەرەوپێشچووندایە و لە هەر ئەگەرێکدا جۆرێکی نوێ لە ڕاگەیاندن دێتە ئاراوە، کەواتە ئەوکات ئەو ڕاگەیاندنە ناو دەنرێت چی و ئەمەی لە ئێستادایە دەبێت بە چی؟

### تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی

تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی پەیوەستە بە تایبەتمەندییەکانی ئینتەرنێتەوە، نووسینی ڕۆژنامەوانیی ئەلکترۆنی وەک نووسینی دەقێکی سادە نییە، بەڵکو پێویستە بیر لە هەموو لایەنەکانی بکرێتەوە و ژینگەکەی جیاوازیی زۆرە لەگەڵ ژینگەی ڕۆژنامەوانیی چاپکراو، کە بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت لەم چەند خاڵەدا بیانخەینە ڕوو (کنعان. علي. 2014. ص27 الی 31):

1. فرەیی ئامرازەکان.
2. کارلێک و بەشداریی.
3. بەهێزکردن، پێکەوەبەستن و توانای کۆنترۆڵکردن لە بارودۆخی بەریەککەوتندا.
4. خێرایی و نوێبوونەوەی بەردەوام.

5. بەکەسیکردن.
6. سنوری ئازاد.
7. نەرمیی.
8. ئەرشیفکردن.
9. گەڕانەوەی کات و توانا و پارە.

**جۆرەکانی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی**

پۆلێن کردنی جۆرەکانی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی بەپێی سەرچاوە جیاوازەکان و ڕوانینی توێژەران دەگۆڕێت، هەر کەسە لە ڕوانگەی خۆیەوە پۆلێنبەندیی بۆ دەکات، توێژەرێک لە ڕوانگەی سەربەخۆیی و حزبیبوونەوە، توێژەرێک لە ڕوانگەی بەکارهێنەرانیەوە و توێژەرێک لە ڕوانگەی خاوەندارێتی و .. هتد.

"ئەگەر لە ڕوانگەی پیشەییەوە پۆلێنی بکەین، ئەوا دەکرێت بوترێت دابەش دەبێت، بۆ ئەم جۆرانە (فضل الله. احمد. و حسین. حسین. 2017. ص54):

1. ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی کە لە ڕێگەی ئینتەرنێت بڵاو دەبێتەوە و بوونی ماددیی نییە، وەک: ڕۆژنامەی ئیلاف www.elaph.com.
2. ئەو ڕۆژنامانەی لە ڕێی تاک و دامەزراوەکانەوە و دەستەکانەوە یان لە ڕێگەی دامەزراوە میدیاییەکانەوە یەکەم جار ئەزمون دەکرێن و دواتر دەخرێنە ئینتەرنێتەوە.
3. بەشێوەی ئەزمونی ئەمریکی، کە لە چوارچێوەی دامەزراوەیەکی پتەو و خاوەن بینای سەربەخۆ، کە دەستەی نووسەران و و بەڕێوەبەرێتی سەربەخۆی هەیە بۆ پەخشکردنی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی، وەک ڕۆژنامەی شیکاگۆ تریبیون و نیویۆرک تایمز و واشنتۆن پۆست و لۆمۆندی فەڕەنسی.
4. گۆڤاری ئینتەرنێتی WEBZINE: ئەم جۆرە هەڵگری تایبەتمەندییەکانی گۆڤارێکی خوولیی چاپکراوە، کە هەفتانە بڵاو دەبێتەوە، یان مانگانە دوو جار یان جارێک، ناوەڕۆکەکەی بە شێوەیەکی خوولیی نوێ دەکرێتەوە.
5. پێگە هەواڵییەکان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت: ئەو پێگانەن کە ڕۆژانە هەواڵ و ڕاپۆرت و بەدواداچوون بڵاو دەکەنەوە، وەک پێگەکانی سی ئێن ئێن، ئەلجەزیرە نێت و میدڵ ئێست ئۆنلاین.
6. ئاژانسەکانی هەواڵ: ئاژانسە جیهانی و نیشتیمانییەکانی هەواڵ کۆپییەکی ئەلکترۆنی بڵاو دەکەنەوە، کە هەواڵ و ڕاپۆرت پێشکەشی وەرگران دەکەن، جا ئەو وەرگرانە تاک یان دامەزراوەکان بن، وەک ئەسۆشێید پرێس، ئاژانسی هەواڵی سعودی ـ واس، ئاژانسی هەواڵی سودان ـ سونا.

**پاری سێیەم: بەرپرسیارێتی ئیتیکی و یاسایی**

بە ئاستێکی گەورە چەمکی بەرپرسیارێتی لەگەڵ ئیتیکی کاری پیشەیی ڕاگەیاندن تێکەڵ بە یەکتر دەبن ... ئیتیکی ڕاگەیاندن پەیوەستە بە چۆنیەتی جیاکاری لە نێوان باشە و خراپە لەسەر چەند بنەمایەکی فەلسەفی (شوانی. ئەرشەد. 2020. ل97). ئەو یاسایانەی بۆ پاراستنی ئاکار و ڕەوشت دادەڕێژرێن لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی دی و بەڵکو لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لە هەمان وڵاتدا جیاوازن (ئەلمەسیری. محمود. 2022. ل389).

ئیتیک زاراوەیەکە لە بنەڕەتدا لە وشەی etosی یۆنانییەوە هاتووە، واتە نەریت یان ئاداب، زانستێکە لایەنی گەڵاڵەبوونی تیۆریی داوای پراکتیکی مۆراڵ (Moral)ە، کە لە merosی لاتینییەوە هاتووە، وەک بوارێکی هۆش کە گوزارشت لە ڕێکخستنی ڕەوشت دەکات و لە هەڵسوکەوتی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان دەکۆڵێتەوە (ڕەسوڵ. هێرش. 2009. ل158). یاساش بریتی یە لە کۆمەڵێک بنەمای گشتگیر و ئەبستراکت (مجرد) کە دەسەڵاتی تایبەت بە یاسادانان لە هەر وڵاتێکدا دەریدەچوێنێت بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان کەسەکان و پەیوەست کردنیان بە شێوازێکی زۆرەکی (ملزم) بە پەیڕەوکردنی و پیادەکردنی، دەنا سەپێچیکار سزا دەدرێت (فەوزی. سامان. 2020. ل15). لە ئیسلامیشدا کۆمەڵێک پێوەر بۆ گەیاندن هەمیشە بەرجەستە بوون، کە بەگشتی لە قورئاندا ئاماژەی پێ کراوە و کار بۆ بەدیهاتنی کراوە، ئەوانیش 1ـ ڕاستگۆیی. 2ـ بابەتیبوون. 3ـ وردی و ڕاستی ڕووداو.

ڕاستگۆیی وەک ئەمانەتێکی سەر شانی تاکەکان هاتووە، یەک لە نمونەکانی قورئان دەفەرموێت (والذي جاء بالصدق و صدق به أولئك هم المتقون) (الزمر آيه 33). لە بارەی بابەتیبوونیشەوە، هەر لە قورئاندا هاتووە (ولا تلبسوا الحق بالباطل وتكتموا الحق وأنتم تعلمون) (البقره آيه 42) (حجاب. محمد. 2010. ص196ـ202). هەروەک لە بارەی جەختکردنەوە لەسەر ڕاستی ناوەڕۆکی هەواڵ و سەرچاوەی هەواڵ لەپێش بڵاوکردنەوەیدا ئاماژە بەوە کراوە هەروەکو خوای پەروەردگار لە قورئاندا دەفەرموێت (يأيها الذين آمنوا ان جاءكم فاسق بنبا فتبيوا)، واتە ئەی بڕواداران ئەگەر کەسێکی گوناهکار (فاسق) هەواڵێکی بۆ هێنان یەکسەر باوەڕ مەکەن، بەڵکو سەرەتا جەخت لەسەر ڕاستی ڕووداوەکە بکەنەوە (ئەحمەد. بەهادین. 2020. ل31).

**یاساکانی پەیوەست بە ڕاگەیاندن لە عێراق و کوردستان**

"کۆمەڵێک یاسا بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، پەیوەندییان بە کاری میدیاوە هەیە کە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا بەرکارن، بریتین لە (محەمەد. کارزان. 2022. ل30ـ35):

1. یاسای سزادانی عێراق (ماددەکانی 272، 336، 433، 434).
2. یاسای ڕادیۆ و تەلەفزیۆن (یاسای دامەزراوەی گشتی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن)ی ژمارە (42)ی ساڵی (1970ز) لە عێراق کە لە (18) ماددە پێکهاتووە.
3. یاسای مافی دانەر، ژمارە (3)ی ساڵی (1971ز) لە عێراق.
4. یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، ژمارە (4)ی ساڵی (1998)ی هەمواركراو لە هەرێمی کوردستان.
5. یاسای بەرەنگاربونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) ژمارە (3)ی ساڵی (2006) (بڕگەی 2 و 4)ی ماددەی (4) کە پەیوەندیدارە بە کاری ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان.
6. یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە (35)ی ساڵی (2007ز) لە هەرێمی کوردستان.
7. یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی، ژمارە (6)ی ساڵی (2008ز) لە هەرێمی کوردستان.
8. یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان، ژمارە (11)ی ساڵی (2013).
9. یاسای ڕێکخستنی ڕیکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ژمارە (4)ی ساڵی (2019ز).

تەواوی کۆتوبەندە دێرینەکان، کە یاساکانی ڕۆژنامەنووسیی لە خۆیانیان دەگرت، ڕەنگە لە داهاتووی نزیکدا بەهایان نەمێنێ (ئەلحەتیب. سەعدە. 2009. ل223).

## بەشی سێیەم

### پاری یەکەم: پەیوەندیی نێوان گرافیک دیزاین و ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی

کە باس لە نەخشەسازیی ئەلکترۆنی دەکەین، شێوە یەکدەنگییەک هەیە لەوەی کە نەخشەسازیی تایبەت بە ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی، وشەی نەخشەسازیی بۆ بەکار بێت، لە جێی دەرهێنان، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت کە دەزگا ڕۆژنامەنووسییەکان خۆیان ببوێرن لە کارەکەیان هاوشێوەی ڕۆژنامەی کاغەزی و چاپکراو، بە تایبەت لە ڕووی هاوسەنگی و گونجاوییەوە، وەک ئەوەی دەرهێنانی ڕۆژنامەنووسیی پشت بە یەکە تایپۆگرافییەکان دەبەستێت، نەخشەسازیی ئەلکترۆنییش پشت بەو بنەمایانە دەبەستێت، وەک ناوەڕۆکێک بۆ لاپەڕە یان پێگەکە (كنعان. علي. 2014. ص109). گرافیکی چاپەمەنی دەبێ ناواخندار و وێنەدار بێت، تەنها بایەخدان بە وێنەی جوان بەبێ ئەوەی ناوەڕۆک و بەها سایکۆلۆژییەکەی لەبەرچاو بگیرێت، ناچێتە چوارچێوەی گافیکی چاپەنییەوە. هارمۆنی نێوان فۆرم و وشەیە کە دەتوانێ وەرگرەکان ڕاکێش بکات و بلاوکراوەکە لای وەرگران پەسەند بکات (قەندی. حسێن. 2008. ل228). ئامانج لە گرافیکێکی باش بۆ لاپەڕەکانی هەر ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ئاسانکارییە بۆ خوێنەر، توانا و لێهاتوویی هەر ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنییش لە خستنەڕووی زانیارییەکان و ئامادەکارییەکان بە ڕێگەیەکی ئاسان لە ژینگەی ئامرازە جۆراوجۆرەکان، یان ئاسانیی خوێندنەوە بە بەراورد بە خوێنەری ڕۆژنامەی کاغەزیی، زۆرێک لە توێژینەوەکان بەو ئەنجامە گەیشتوون کە زۆرینەی بەکارهێنەران هەست بە ئارامیی دەکەن لەگەڵ ئەو پێگانەی کەمترین بەکارهێنان هەیە و لە ڕووی ڕەنگەوە ئاڵۆزە، لە هەمان کاتدا زانیاریی زۆریان تێدایە و کەمترین ئاڵۆزییان هەیە و ڕێگە بە کارلێککردنی زۆر دەدات (الدليمي. عبدالرزاق. 2010. ص228).

بە شێوەیەکی گشتی نەخشەسازانی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی هەمان بنەماکانی دەرهێنانی ڕۆژنامەی کاغەزیی بەکار دێنن لە ناونیشان، دەق، وێنە، ڕەنگ، بۆشایی و خشتە، بەڵام هەندێک یەکەی دیکەیان بۆ زیاد کردووە، لەوانە بەستەرەکان، ئامرازەکانی گەران، ڤیدیۆ و دەنگ لە پێناو گەیشتن بە بەها سەرەکییەکانی نەخشەسازییەکی سەرکەوتوو، وەک هاوسەنگی، کۆنتراست و پێکەوەگونجان، ریتم، نایابی و سەرنجڕاکێشی (كنعان. علي. 2014. ص110). تەنانەت ئەگەر نەخشەسازی بۆ پێگە ئەلکترۆنییەکان کرا، پێویستە ڕەچاوی ئەو خاڵە بکرێت کە سەرنجڕاکێش و سادە بێت (ويلسن. ديويد. 2010. ص220.).

هاوشێوەی یەکە پێکهێنەرەکانی ڕۆژنامەی کاغەزیی، ڕۆژنامەی ئەلکترۆنیش لە چەند یەکەیەکی تایپۆگرافی پێک دێت، کە ئەوەش خزمەت بە پەیامی ڕاگەیاندنەکە دەکات، لە گرنگترین ئەو یەکانەش: ڕەنگەکان ـ پیتەکان ـ وێنە ـ ڕەگەزەکانی جیاکردنەوە ـ بۆشایی.

نەخشەسازیی ئینتەرنێت کاردەکات بۆ هێشتنەوەی دەستی بەکارهێنەر لەسەر زانیارییەکان لە ڕێگەی جوڵاندنی شاشە و کلیککردن لەسەری، واتە پەیوەندییە زانیارییەکان وەک بەشێک لە کارلێککردن و جوڵەی بەکاربەر، بە بەکارهێنانی پێکهاتەی بەهێزی زیاتریش، ناکۆکییەکانی ڕواڵەت و دەرهێنان کاڵ دەبنەوە و کەم دەبنەوە تا ئاستێکی زۆر، لە هەمان کاتدا بەنامەی بەهێزتر بە بەراورد بە تێگەیشتنی باشتر بۆ پێکهاتەی زانیاریی کارلێککارانە کار دەکەن بۆ زیاترکردنی ناکۆکی پەیوەست بە پەیوەندیکردن و زاڵبوونی بەکاربەر کە تەماشای دەکات، نەخشەسازیی ئینتەرنێت لە ئێستادا بەشێوەیەکی ناپێویست کارلێکییە، بەکارهێنانیشی لە مەڵتی میدیادا لە ئاستێکی لاوازدایە، زۆر دەگمەنە ببینرێت کە بنەمای جوڵاو لە نەخشەسازیی ئینتەرنێتدا جگە لە هەراسانکردنی بەکاربەر ئامانجێکی دیکەی هەبێت (اللبان. شريف. 2014. ص132.).

### پاری دووەم: پەیوەندیی نێوان گرافیک دیزاین و بەرپرسیاریێتی ئێتیکی و یاسایی

لەبەر ئەوەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن مرۆڤ بەڕێوەی دەبات، مرۆڤیش بۆچوون و هەست و سۆز و بەهای هەیە، کەواتە ئێتیکی پیشەیی و پەیامەکەی وای لێدەکات کە بڕیار و هەڵوێستی ڕێزلێگیراو و بەهادار بدات، هەرچەندە سنورەکان ڕێگر بن لێی بۆ هەڵوێستی بەرز و پەسەند (الموسوي. كريم. 2011. ص162). دەستکاریکردنی وێنە دەتوانێت خوێنەرەکان بخەڵەتێنێت، لەکاتێکدا پێویستە ئەوان ڕاستیی وێنەکە ببینن و متمانەیان بە وێنەگر و سەرنووسەرانی ڕۆژنامەکان هەبێت، لەو بارەیەوە گروپێک لە ڕۆژنامەنووسان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە پێویستە لە کاتی دەستکاریکردنی وێنەدا ژێرنووس (کاپشن) بۆ ئەو جۆرە لە وێنە دابنرێت، تا وەرگر بە ئاسانی لایەنەکانی وێنەکەی بۆ ڕوون ببێتەوە (لنگفورد. مايكل. 2010. ص367). بەشێک لە توێژینەوەکان لەسەر جەماوەری ئاسایی و تاکەکان باس لە کاریگەریی بینینی بابەتە سێکسییەکان دەکەن لەسەر تاوانکردن، ئەو توێژینەوانە دەڵێن کە زیندانیانی سزادراو لەسەر دەستدرێژی سێکسی هەستیان بە وروژانی سێکسی کردووە کە وێنەی سێکسییان لە ڕاگەیاندنەکان بینیوە، ئەوەش بووەتە هۆکاری ئەوەی تاوانی دەستدرێژیی سێکسی ئەنجام بدەن، لە هەمان کاتدا ئەو جۆرە وێنانە نیشانی قوربانیان دراوە، هەمان کاریگەریی نەرێنی هەبووە (الرمحين. عطاالله. و الجنابي. حارث. 2018. ص270).

هەرێمی کوردستان یاسای تایبەتی ڕۆژنامەنووسیی هەیە و ژمارەیەک بەند لە نێو یاساکانی دیکەشدا پەیوەست کراونەتەوە بە ڕاگەیاندنەوە، گرافیک دیزاینیش وەک بەشێک لە پیشەی ڕاگەیاندن ئەو یاسایانە ڕۆڵی تێدا دەبینن و ژمارەیەک سەرپێچی هەن کە بە تاوان دەژمێردرێن و لێرەدا دەیخەینە ڕوو:

تاوانی یەکەم: زیانگەیاندن بە دابونەریت و ئاسایشی کۆمەڵگا.
تاوانی دووەم: سوکایەتی بە بیروباوەڕ و ئایین.
تاوانی سێیەم: جنێودان.
تاوانی چوارەم: تۆمەت خستنەپاڵ.
تاوانی پێنجەم: زیانگەیاندن بە دادگاکان.
تاوانی شەشەم: پێشێلی ژیانی تایبەت.
تاوانی حەوتەم: هاندان بۆ تیرۆر.
تاوانی هەشتەم: پێشێلی مافی دانەر

### پاری سێیەم: پەیوەندیی نێوان ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی و بەرپرسیاریێتی ئێتکیی و یاسایی

ڕۆژنامەوانیی ئەلکترۆنی پیشەیەکە وەک پیشەکانی دیکە کە مرۆڤ کاری لەسەر دەکات و هەموو پیشەیەکیش پێویستی بە پەیڕەوکردنی بنەمای ئێتیکییە، لەوانەش (رمضان. علياء. ص 208-209):

1. ڕاستیی: پێویستە ڕۆژنامەنووسان پێداگریی لەسەر بەدەستهێنانی زانیاریی ڕاست بکەنەوە و پەخشی بکەن.
2. دادگەری و ویژدان: ڕۆژنامەنووسانی ئەلکترۆنی پێویستە هەواڵەکانیان بە ویژدانەوە بخەنە ڕوو و دادگەر بن تێیدا.
3. ڕاستگۆیی: پێویستە ڕۆژنامەنووسان ئەو زانیاییە ڕاستانە کە لە خانی یەکدا خراونەتە ڕوو، ڕاستگۆیانە بگوازنەوە و چەواشەکاریی تێدا نەکەن.

4. سەربەخۆیی: پێویستە ڕۆژنامەنووس بەرگریی لە سەربەخۆیی خۆی بکات و نەکەوێتە ژێر کاریگەریی خەڵکی دیکە و خۆگر بێت لە بەرانبەر فشارەکاندا.
5. لێپێچینەوە: پێویستە ڕۆژنامەنووسان بزانن کە هەموو کاتێک ئەگەری ئەوە هەیە لەسەر کارەکانیان لێپێچینەوەیان لێبکرێت لە بەرانبەر جەماوەر و پیشەکەیان و دەروونی خۆیاندا.

بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە کە دیاردەی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی وەک دیاردەیەکی سوودبەخش ببینرێت بە تەنیا، لەگەڵ خۆیدا زۆرێک لە ئاستەنگی هەڵگرتووە، کە ڕۆژنامە وەک پیشەیەک دەبینێت جا تەقلیدی یان ئەلکترۆنی بێت، لە سەرەتای ئەو ئاستەنگانەش بابەتی ئیتیکە لە ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی، ئەوەش لایەنێکی نەرێنی ئەم جۆرەیە لە ڕۆژنامە تا ئێستا، دەستدرێژی بۆسەر مافی دانەر و بڵاوکردنەوەی تایبەت بەوانی دیکە، ڕاستێتی و باوەڕپێبوون لە زۆرێک لە هەواڵ و زانیارییەکان لەم جۆرە لە ڕۆژنامەوانی جێگەی گومانە، هەربۆیە ئەم بابەتە جێگەی توێژینەوەی زیاترە لە ڕووی یاسایی و ئیتیکییەوە بۆ پارێزگاریی لە ڕۆژنامەوانی وەک پیشەیەک (سلیمان. زید. 2009. ص17).

لەپێناو پاراستنی کۆمەڵگای کوردی لەهەر جۆرە دیاردەیەک کە ببێتە مایەی هەڕەشە، بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان کە پەیوەندییان بە کاری ڕۆژنامەنووس و میدیاوە هەیە، کۆمەڵێک بەرپرسیارێتی سزایی و مەدەنی دەستنیشان کردووە بە مەبەستی پاراستنی میدیا لەهەر جۆرە مامەڵەیەکی نادروست لەگەڵ کلتور و ئایین و ئایینزا جیاوازەکان (محەمەد. کارزان. 2020. ل35). زۆر کار هەن یاسایین یان ڕەوان، بەڵام نائاکاریین ئاکارزانی پەیوەستە بەلایەنی کەسی و یاسا بە کۆمەڵگە واتە ئەمیان کەسییە و ئەویان کۆمەڵگەیی، ئاکارییەکان کاری بەرێزاریین واتە دەبێ ڕۆژنامەنووسی ڕاگەیەندکار توانستی هەڵبژاردنی هەبێت، ئەگەر ڕۆژنامەنووس کۆنترۆڵ و بڕیار و کارەکانی دەست خۆی نەبێت باسی ئاکار لەئارادا نامێنێت (وەسمان. محەمەد. 2011. ل12). جگە لەو چوارچێوە هاوبەشانەی کە ناشیاوی کاری ڕۆژنامەوانی جیا دەکەنەوە لە کاری شایستە و شیاو، سێ بنەمای ئەخلاقی و پیشەیی هاوبەش و جیهانی هەیە لە کاری ڕۆژنامەوانیدا کە پێیان دەوترێت پێوەرە ئەخلاقی و پیشەییە هاوبەشەکان (common ethical and professional standards)، کەواتە ڕۆژنامەوان لە هەموو جیهاندا بە شێوەیەکی سەرسورهێنەر ڕێککەوتوون لەسەر شێوازە شیاوەکەی ئەداکردنی کاری ڕۆژنامەوانی، ئەو سێ بنەمایەش بریتین لە: 1- سەربەخۆیی یان بێلایەنی (impartiality or independence). 2 ـ وردەکاری (accuracy). 3 ـ پاکی (fairness). (عەبدولڕەحمان. فرمان. 2009. ل135).

## بەشی چوارەم
## لایەنی مەیدانیی توێژینەوە

لە پێناسەی پەرەگرافدا کە بەشی دەربارەی ڕۆژنامەکە خستوویەتییە ڕوو "پەرەگراف ماڵپەڕێکی کوردیی ئازاد و سەربەخۆیە، لە میانی کارکردنیدا ڕەچاوی بنەما ئەخلاقی و پیشەییەکانی کاری ڕۆنامەوانی دەکات (هاوسەنگی، وردبینی و بەویژانی)" لە هەمان کاتدا بە دروشمی "بنەمای پەرەگراف متمانەیە" کار دەکات (دەربارە - پەرەگراف (peregraf.com)). هەروەها باس نیوزیش دروشمەکەی بریتییە لە "لێرە ڕاستی بزانە"یە (www.basnews.com) کە بنەمایەکی ئیتیکی و یاسایی کاری ڕۆژنامەوانییە و لە لۆکەیشنی ماڵپەڕەکەیشیان ئاماژە بەوە کراوە کە ناونیشانی دەزگاکەیان لە هەولێرە.

**تەوەری یەکەم:**

1. ئایا بابەتە ڕۆژنامەنووسییە وەرگیراوەکە گرافیکی بۆ کراوە؟

**خشتەی ژمارە (1)**

| ناوی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|
| پەرەگراف | 88 | 3 |
| باس نیوز | 60 | 31 |
| کۆی گشتی | 148 | 34 |
| ڕێژە | 81.32 | 18.68 |

بە سەرنجدان لە خشتەی ژمارە 1 ئەوە دەردەکەوێت کە بوونی گرافیک لە دوو نمونە وەرگیراوەکەش دەکاتە 148، بەو پێیە ڕێژەی 81.31%ی بابەتە ڕۆژنامەنووسییە وەرگیراوەکان گرافیکی بۆ کراوە و (34) نمونە گرافیکی بۆ نەکراوە، کە دەکاتە (18.68%)ی نمونە وەرگیراوەکان. بەپێی ئەم ئەنجامە ڕوون دەبێتەوە کە تا ڕاددەیەکی باش گرنگیی بە گرافیک دراوە، بە تایبەت لە ڕۆژنامەی پەرەگرافدا، بەڵام هەرچی باس نیوزە، لە ئاستێکی مامناوەند گرنگیی پێداوە.

2. سەرچاوەی وێنەی هاوپێچی بابەتە ڕۆژنامەنووسییە وەرگیراوەکە ئاماژەی پێ کراوە؟

**خشتەی ژمارە (2)**

| ناوی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|
| پەرەگراف | 0 | 90 |
| باس نیوز | 1 | 62 |
| کۆی گشتی | 1 | 152 |
| ڕێژە | 0.65 | 99.35 |

بە سەرنجدان لە خشتەی 2 ئەوە دەردەکەوێت کە ئاماژەدان بە سەرچاوەی وێنە لە دوو نمونە وەرگیراوەکەش دەکاتە 1، بەو پێیە ڕێژەی 0.65%ی بابەتە ڕۆژنامەنووسییە وەرگیراوەکان ئاماژە بە سەرچاوەکەی کراوە و 152 نمونەش کە دەکاتە 99.35% ئاماژە بە سەرچاوەی وێنە نەکراوە. بەپێی ئەم ئەنجامە ڕوون دەبێتەوە کە گرنگی بە سەرچاوەی وێنە نەدراوە، ئەمەش کەموکورتییەکی زۆر ڕوونە لە ڕۆژنامە ئەلکترۆنییە وەرگیراوەکاندا.

3. تا چەند گرافیکی بابەتەکە گوزارشت لە بابەتە ڕۆژنامەنووسییە وەرگیراوەکە دەکات؟

**خشتەی ژمارە (3)**

| ناوی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی | زۆر | تاڕادەیەک | کەم |
|---|---|---|---|
| پەرەگراف | 51 | 33 | 4 |
| باس نیوز | 24 | 21 | 15 |
| کۆی گشتی | 75 | 54 | 19 |
| ڕێژە | 50.67 | 36.48 | 12.85 |

بە سەرنجدان لە خشتەی 3 ئەوە دەردەکەوێت کە 75 نمونە بە ڕێژەی 50.67%ی نموونە وەرگیراوەکان زۆر گوزارشت لە بابەتە ڕۆژنامەنووسییە وەرگیراوەکە دەکات،

تارادده‌یەک گوزارشت کردن لە بابەتە ڕۆژنامەنووسییە وەرگیراوەکە دەکاتە 54 و ڕێژەی 36.48%ی نموونە وەرگیراوەکانە، کۆی گشتی کەم گوزارشت کردن لە بابەتە ڕۆژنامەنووسییە وەرگیراوەکە دەکاتە 19 و ڕێژەی 12.85% نموونە وەرگیراوەکانە.

بەپێی ئەم ئەنجامە ڕوون دەبێتەوە کە زۆرینەی گرافیکەکان گوزارشت لە بابەتی ڕۆژنامەنووسی دەکات، بەڵام ئەوە خەوشێکی ئاشکرایە کە ڕێژەی (تاڕادەیەک و کەم)یش، زۆر نزیکن لە (زۆر)ەوە، بۆیە ئەمە دەبێتە گرفت کە پێویست بوو بەو شێوازە نەبێت.

**تەوەری دووەم:**

1. هاوسەنگیی لە نێوان یەکە تایپۆگرافییەکانی گرافیکەکەدا کراوە؟

**خشتەی ژمارە (4)**

| ناوی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی | بەڵێ | تاڕادده‌یەک | نەخێر |
|---|---|---|---|
| پەرەگراف | 82 | 5 | 1 |
| باس نیوز | 35 | 14 | 11 |
| کۆی گشتی | 117 | 19 | 12 |
| ڕێژە | 79.05 | 12.84 | 8.11 |

بە سەرنجدان لە خشتەی 4 ئەوە دەردەکەوێت کە لە نێوان یەکە تایپۆگرافییەکانی گرافیکەکەدا کە هاوسەنگیی کراوە دەکاتە 117 و ڕێژەی 79.05%ی نموونە وەرگیراوەکانە و کۆی گشتی تاڕادده‌یەک هاوسەنگیی کراوە دەکاتە (19) و ڕێژەی 12.84%ی نموونە وەرگیراوەکانە، کۆی گشتی هاوسەنگیی نەکراوە دەکاتە 12 و ڕێژەی 8.11% نموونە وەرگیراوەکانە. بەپێی ئەم ئەنجامە ڕوون دەبێتەوە کە ئاستێکی باشدا هاوسەنگیی نێوان یەکە تایپۆگرافییەکان کراوە، بەڵام پێویستی بە گرنگیپێدانی زیاتر هەیە، بە تایبەت لە ڕۆژنامەی باس نیوزدا.

2. وێنەکانی نێو گرافیک لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتە ڕۆژنامەنووسییە وەرگیراوەکە یەک دەگرێتەوە؟

**خشتەی ژمارە (5)**

| ناوی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی | بەڵێ | تاڕادده‌یەک | نەخێر |
|---|---|---|---|
| پەرەگراف | 85 | 3 | 0 |
| باس نیوز | 29 | 20 | 3 |
| کۆی گشتی | 114 | 23 | 3 |
| ڕێژە | 81.43 | 16.43 | 2.14 |

بە سەرنجدان لە خشتەی 5 ئەوە دەردەکەوێت کە وێنەکانی نێو گرافیک لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتە ڕۆژنامەنووسییە وەرگیراوەکە یەک دەگرێتەوە دەکاتە 114 و ڕێژەی 81.43%ی نموونە وەرگیراوەکانە و کۆی گشتی تاڕادده‌یەک یەک دەگرێتەوە دەکاتە 23 و ڕێژەی 16.43%ی نموونە وەرگیراوەکانە، کۆی گشتی یەک ناگرێتەوە دەکاتە 3 و ڕێژەی 2.14% نموونە وەرگیراوەکانە. بەپێی ئەم ئەنجامە ڕوون دەبێتەوە کە لە ئاستێکی زۆر باشدا وێنەکان لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتە ڕۆژنامەنووسییەکان یەک دەگرێتەوە.

**تەوەری سێیەم:**

1. دەستەواژەکانی نووسینی سەر گرافیکەکە (لایەنگریی) تێدایە؟

**خشتەی ژمارە (6)**

| ناوی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی | بەڵێ | تاڕادده‌یەک | نەخێر |
|---|---|---|---|
| پەرەگراف | 4 | 11 | 73 |
| باس نیوز | 8 | 15 | 37 |
| کۆی گشتی | 12 | 26 | 110 |
| ڕێژە | 8.11 | 17.57 | 74.32 |

بە سەرنجدان لە خشتەی 6 ئەوە دەردەکەوێت کە دەستەواژەکانی نووسینی سەر گرافیکەکە لایەنگریی تێدایە دەکاتە 12 و ڕێژەی 8.11%ی نموونە وەرگیراوەکانە و کۆی گشتی تاڕادده‌یەک لایەنگریی تێدایە دەکاتە 26 و ڕێژەی 17.57%ی نموونە وەرگیراوەکانە، کۆی گشتی لایەنگریی تێدا نییە دەکاتە 110 و ڕێژەی 74.32% نموونە وەرگیراوەکانە. بەپێی ئەم ئەنجامە ڕوون دەبێتەوە کە هەندێک جار لایەنگریی لە دەستەواژەکانی نووسینی سەر گرافیکەکەدا هەیە، بە تایبەت لە ڕۆژنامەی باس نیوزدا کە پێویست بوو بە هیچ جۆرێک لایەنگریی بوونی نەبێت.

2. لە گرافیکەکەدا (قوربانیان و تۆمەتباران و کەسوکاریان) نیشان دراون؟

**خشتەی ژمارە (7)**

| ناوی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی | بەڵێ | تاڕادده‌یەک | نەخێر |
|---|---|---|---|
| پەرەگراف | 8 | 0 | 80 |
| باس نیوز | 5 | 0 | 55 |
| کۆی گشتی | 13 | 0 | 135 |
| ڕێژە | 8.78 | 0 | 91.22 |

بە سەرنجدان لە خشتەی 7 ئەوە دەردەکەوێت کە کۆی گشتی قوربانیان و تۆمەتباران و کەسوکاریان نیشان دراون دەکاتە 13 و ڕێژەی 8.78%ی نموونە وەرگیراوەکانە و کۆی گشتی تاڕادده‌یەک نیشان دراون دەکاتە سفر و ڕێژەی 0%ی نموونە وەرگیراوەکانە، کۆی گشتی نیشان نەدراون دەکاتە 135 و ڕێژەی 91.22% نموونە وەرگیراوەکانە. بەپێی ئەم ئەنجامە ڕوون دەبێتەوە کە لە 13 حاڵەتدا قوربانیان و تۆمەتباران و کەسوکاریان نیشان دراون، ئەمەش پێچەوانەی ڕاستەوخۆی بنەما ئێتیکی و یاساییەکانە.

3. لە گرافیکەکەدا ئادابی گشتی کۆمەڵگا و بەها کۆمەڵایەتییەکان بەزێنراون؟

**خشتەی ژمارە (8)**

| ناوی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی | بەڵێ | تاڕادده‌یەک | نەخێر |
|---|---|---|---|
| پەرەگراف | 1 | 6 | 81 |
| باس نیوز | 3 | 7 | 50 |
| کۆی گشتی | 4 | 13 | 131 |
| ڕێژە | 2.7 | 8.79 | 88.51 |

بە سەرنجدان لە خشتەی 8 ئەوە دەردەکەوێت کە ئادابی گشتی کۆمەڵگا و بەها کۆمەڵایەتییەکان بەزێنراون دەکاتە 4 و ڕێژەی 2.7%ی نموونە وەرگیراوەکانە و کۆی

گشتی تاڕاددەیەک بەزێنراون دەکاتە 13 و ڕێژەی 8.79%ی نموونە وەرگیراوەکانە، کۆی گشتی نەبەزێنراون دەکاتە 131 و ڕێژەی 88.51% نموونە وەرگیراوەکانە. بەپێی ئەم ئەنجامە ڕوون دەبێتەوە کە هەندێک جار ئادابی گشتی کۆمەڵگا و بەها کۆمەڵایەتییەکان بەزێنراون کە پێچەوانەیە لەگەڵ بنەما ئیتیکی و یاساییەکاندا.

4. لە گرافیکەکەدا وردەکاری تاوان و ئامرازەکانی ئەنجامدانی تاوان نیشان دراوە؟

**خشتەی ژمارە (9)**

| ناوی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی | بەڵێ | تاڕاددەیەک | نەخێر |
|---|---|---|---|
| پەرەگراف | 0 | 1 | 87 |
| باس نیوز | 0 | 1 | 59 |
| کۆی گشتی | 0 | 2 | 146 |
| ڕێژە | 0 | 1.35 | 98.65 |

بە سەرنجدان لە خشتەی 9 ئەوە دەردەکەوێت کە وردەکاری تاوان و ئامرازەکانی ئەنجامدانی تاوان نیشان دراوە دەکاتە سفر و ڕێژەی 0%ی نموونە وەرگیراوەکانە و کۆی گشتی تاڕاددەیەک نیشان دراوە دەکاتە 2 و ڕێژەی 1.35%ی نموونە وەرگیراوەکانە، کۆی گشتی نیشان نەدراوە دەکاتە 146 و ڕێژەی 98.65% نموونە وەرگیراوەکانە. بەپێی ئەم ئەنجامە ڕوون دەبێتەوە کە لە ئاستێکی زۆر نزمدا پێشێلی بنەما ئیتیکی و یاساییەکان کراوە لە نیشاندانی وردەکاری تاوان و ئامرازەکانی ئەنجامدانی تاوان.

5. لە گرافیکەکەدا سوکایەتیی بە بیروباوەڕ و ئایین تێدایە؟

**خشتەی ژمارە (10)**

| ناوی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی | بەڵێ | تاڕاددەیەک | نەخێر |
|---|---|---|---|
| پەرەگراف | 0 | 0 | 88 |
| باس نیوز | 0 | 0 | 60 |
| کۆی گشتی | 0 | 0 | 148 |
| ڕێژە | 0 | 0 | 100 |

بە سەرنجدان لە هێڵکاری 10 ئەوە دەردەکەوێت کە سوکایەتیی بە بیروباوەڕ و ئایین تێدایە دەکاتە سفر و ڕێژەی 0%ی نموونە وەرگیراوەکانە و کۆی گشتی تاڕاددەیەک تێیدایە دەکاتە سفر و ڕێژەی 0%ی نموونە وەرگیراوەکانە، کۆی گشتی تێیدا نییە دەکاتە 148 و ڕێژەی 100% نموونە وەرگیراوەکانە. بەپێی ئەم ئەنجامە ڕوون دەبێتەوە کە بە هیچ جۆرێک سوکایەتی بە بیروباوەڕ و ئایین نەکراوە، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ جێبەجێکردنی بنەما یاساییە بەرکارەکانە.

6. لە گرافیکەکەدا پێشێلکردنی ژیانی تایبەتی تێدایە؟

**خشتەی ژمارە (11)**

| ناوی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی | بەڵێ | تاڕاددەیەک | نەخێر |
|---|---|---|---|
| پەرەگراف | 2 | 1 | 85 |
| باس نیوز | 0 | 4 | 56 |
| کۆی گشتی | 2 | 5 | 141 |
| ڕێژە | 1.35 | 3.38 | 95.27 |

بە سەرنجدان لە خشتەی 11 ئەوە دەردەکەوێت کە پێشێلکردنی ژیانی تایبەتی تێدایە دەکاتە 2 و ڕێژەی 1.35%ی نموونە وەرگیراوەکانە و کۆی گشتی تاڕاددەیەک تێیدایە دەکاتە 5 و ڕێژەی 3.38%ی نموونە وەرگیراوەکانە، کۆی گشتی تێیدا نییە دەکاتە 141 و ڕێژەی 95.27% نموونە وەرگیراوەکانە. بەپێی ئەم ئەنجامە ڕوون دەبێتەوە کە هەندێک جار ژیانی تایبەتی کەسەکان پێشێل کراوە، بە پێچەوانەی بنەما ئیتیکی و یاساییەکانەوە.

7. لە گرافیکەکەدا بەرپرسیارێتیی پیشەیی ڕەچاو کراوە؟

**خشتەی ژمارە (12)**

| ناوی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی | بەڵێ | تاڕاددەیەک | نەخێر |
|---|---|---|---|
| پەرەگراف | 77 | 9 | 2 |
| باس نیوز | 34 | 15 | 11 |
| کۆی گشتی | 111 | 24 | 13 |
| ڕێژە | 75 | 16.22 | 8.78 |

بە سەرنجدان لە خشتەی 12 ئەوە دەردەکەوێت کە بەرپرسیارێتیی پیشەیی ڕەچاو کراوە دەکاتە 111 و ڕێژەی 75%ی نموونە وەرگیراوەکانە و کۆی گشتی تاڕاددەیەک ڕەچاو کراوە دەکاتە 24 و ڕێژەی 16.22%ی نموونە وەرگیراوەکانە، کۆی گشتی ڕەچاو نەکراوە دەکاتە 13 و ڕێژەی 8.78% نموونە وەرگیراوەکانە. بەپێی ئەم ئەنجامە ڕوون دەبێتەوە کە بەگشتی بەرپرسیارێتی پیشەیی ڕەچاو نەکراوە، بەو پێیەی 13 جار ڕاستەوخۆ و 24 جار بە ناڕاستەوخۆ ئەم سنورە بەزێنراوە.

8. لە گرافیکەکەدا بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی ڕەچاو کراوە؟

**خشتەی ژمارە (13)**

| ناوی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی | بەڵێ | تاڕاددەیەک | نەخێر |
|---|---|---|---|
| پەرەگراف | 76 | 8 | 4 |
| باس نیوز | 42 | 6 | 12 |
| کۆی گشتی | 118 | 14 | 16 |
| ڕێژە | 79.73 | 9.46 | 10.81 |

بە سەرنجدان لە خشتەی 13 ئەوە دەردەکەوێت کە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی ڕەچاو کراوە دەکاتە 118 و ڕێژەی 79.73%ی نموونە وەرگیراوەکانە و کۆی گشتی تاڕاددەیەک ڕەچاو کراوە دەکاتە 14 و ڕێژەی 9.46%ی نموونە وەرگیراوەکانە، کۆی گشتی ڕەچاو نەکراوە دەکاتە 16 و ڕێژەی 10.81% نموونە وەرگیراوەکانە. بەپێی ئەم ئەنجامە ڕوون دەبێتەوە کە پێشێلی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی کراوە وەک بنەمایەکی ئیتیکی لە ئاستێکی بەرزدا کە 30%ی حاڵەتەکاندا بوونی هەبووە بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ.

## گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوە

1. گرنگی بە بوونی گرافیک دراوە، بەڵام لە ئاستی پێویستدا نییە.
2. سەرچاوەی وێنەی گرافیکەکان بە نادیاری ماوەتەوە.
3. گوزارشتکردنی گرافیکەکان لە ناوەڕۆکی بابەتەکان، ناڕوونی تێدایە، بە شێوازێک زۆرێک لە گرافیکەکان گوزارشت لە ناوەڕۆکی بابەتی ڕۆژنامەنووسی ناکەن.
4. هاوسەنگی نێوان یەکە تایپۆگرافییەکان لە ئاستێکی باشدایە.
5. وێنەکانی نێو گرافیک لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتی ڕۆژنامەنووسییدا لە ئاستێکی زۆر باشدا یەک دەگرنەوە.
6. لایەنگریی لە دەستەواژەی سەر گرافیکەکاندا بوونی هەیە.
7. لە گرافیکەکاندا پێشێلی مافی قوربانیان و تۆمەتباران و کەسوکاریان کراوە و وێنەیان نیشان دراوە.
8. لە گرافیکەکاندا ئادابی گشتی کۆمەڵگە و بەها کۆمەڵایەتییەکان بەزێنراون.
9. بە ڕێژەیەکی زۆر باش خۆپارێزیی کراوە لە نیشاندانی وردەکارییەکانی تاوان و ئامرازەکانی ئەنجامدانی تاوان.
10. بە هیچ شێوەیەک سوکایەتی بە بیروباوەڕ و ئایین بەدی ناکرێت، ئەمەش لایەنێکی ئەرێنی بڵاوکردنەوەی گرافیکی ڕۆژنامە ئەلکترۆنییەکانە.
11. لە ئاستێکی نزمدا ژیانی تایبەتی کەسەکان پێشێل کراوە.
12. لە ئاستێکی باشدا ڕەچاوی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و پیشەیی کراوە، هەرچەندە لە هەندێک حاڵەتدا ئەو سنووری بەرپرسیارێتیانە بەزێنراون.

## ڕاسپاردە و پێشنیاز

1. بەهۆی بەردەوام پێشکەوتنی کۆمەڵگە و هەڵکشانی خواستی وەرگر، پێویستە کاری گرافیک دیزاین گرنگیی زیاتری پێ بدرێت و هاوتەریب بێت لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا.
2. پێویستە دیزاینەران و بەرپرسانی ڕۆژنامە ئەلکترۆنییەکان وردتر بن لە ڕەچاوکردنی بنەما ئێتیکی و یاساییەکاندا لە بڵاوکردنەوەی بابەتەکانیاندا.
3. پەرلەمان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەماهەنگیی بکەن بۆ ڕێکخستنی بنەما یاساییەکانی کاری گرافیک دیزاینی ڕۆژنامەنووسی و یاسای تایبەتی بۆ دەربکرێت، چونکە ئەو یاسا و ماددانەی لە ئێستادا بوونی هەیە یاسای گشتیین و نەچوونەتە نێو وردەکاریی لایەنە جیاوازەکانی کاری ڕۆژنامەنووسی.
4. توێژەران و خوێندکارانی ڕاگەیاندن توێژینەوە و بەدواداچوونی زیاتر بکەن لە لایەنەکانی ئێتیک و یاسای بەشە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن، تا پسپۆڕی و تایبەتمەندیی زیاتر بەم بوارانە بدرێت.
5. پسپۆڕان و مامۆستایانی بواری ڕاگەیاندن و دەزگاکانی چاپ و پەخشی کوردیی کار بۆ چاپکردنی ئەو توێژینەوانە بکەن و بەرهەمەکان بخرێنە کۆمەڵگاوە و تەنیا لەنێو ناوەندە زانستییەکاندا قەتیس نەکرێن.

## سەرچاوەکان


**یەکەم: القرآن الکریم**

**دووەم: سەرچاوە کوردییەکان**

**کتێب**

ئیبراهیم. ئاریانا. (2018). دیزاینی ڕۆژنامەوانی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
ئەحمەد. بەهادین. (2020). دەربارەی میدیای ئیسلامی لە هەرێمی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی خاڵ، سلێمانی.
ئەلخەتیب. سەعدە. (2009). ئاستەنگەکانی بەردەم ئازادیی ڕۆژنامەنووسی لە جیهانی عەرەبیدا، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: مەم بوهان قانع، لە کتێبە چاپکراوەکانی ڕۆژنامەی چاودێر.
ئەلەسیری. محمود. (2022). فەلسەفە هاوچەرخەکانی ڕاگەیاندن لە گۆشەنیگای ئیسلامییەوە، و. د. دانا سالح بەرزنجی، سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فکری، سلێمانی.
ڕەسوڵ. هێرش. (2009). ئازادی ڕادەربڕین لە ڕۆژنامەنوسیی کوردیدا (1993 ـ 2007)، لە کتێبە چاپکراوەکانی ڕۆژنامەی (چاودێر).
شوانی. ئەرشەد. (2020). میدیای بەدواداچوون، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
عەبدول. جەمال. (2006). فەرهەنگی ڕاگەیاندن ئینگلیزی ـ عەرەبی ـ کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
عەبدولڕەحمان. فرمان. (2009). ستۆری و بنەما نێودەوڵەتییەکانی کاری ڕۆژنامەگەری، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی ـ چاپخانەی خانی، دهۆک.
فەوزی. سامان. (2020). بنەماکانی یاسای ڕاگەیاندن، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار، چاپی سێیەم، سلێمانی.
قەندی. حسێن. (2008). ڕۆژنامەوانی تایبەتمەند، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: کارزان محەمەد، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان.
محەمەد. کارزان. (2020). بەرپرسیارێتی میدیا و قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
محەمەد. کارزان. (2022). ڕۆژنامەنووس و تاوانەکانی ڕاگەیاندن، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی چاوی کورد، چاپخانەی کارۆ، چاپی سێیەم، سلێمانی.
وەسمان. محەمەد. (2011). لەبارەی ئێتیکی میدیاکاری، بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر ـ چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

**توێژینەوە**

حەمەئەمین. ئەکرەم. (2018). کاریگەری نەخشەسازی و دەرهێنانی ڕۆژنامە کوردییەکان لەسەر خوێنەران، تێزی دکتۆرا، هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئەدەبیات.

**پێگەی ئەلکترۆنی:**

www.basnews.com
peregraf.com

**سێیەم: سەرچاوە عەرەبییەکان**

**کتێب**

أبو عرجه. تیسیر. و عبدالله. نسرین. (2014). الأخراج الصحفي الحدیث، دار المسیرة للنشر والتوزیع والطباعة، عمان.
جراهام. أیان. (2004). شبکه اتصالات الدولیة، ترجمة: مکتبة العبیکان، الریاض.
حجاب. محمد. (2010). مدخل الی الصحافة،: دار الفجر للنشر والتوزیع، القاهرە.
حمامین. اکرم. (2021). الأخراج الصحفي، دار غیداء للنشر والتوزیع، عمان.
خلیل. سمیر. (2015). فن الأخراج الصحفي، دار أسامة للنشر والتوزیع، ألأردن ـ عمان.
الدلیمي. عبدالرزاق. (2010). الإعلام والصحافة الإلکترونیة،: دار وائل للنشر والتوزیع، الأردن ـ عمان.

الرمحين. عطاالله. و الجنابي. حارث. (2018). أسس تأثير الدعاية، دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع. عمان.
رمضان. علياء. الصحافة الكترونية وتحرير الفنون الصحفية.
سليمان. زيد. (2009). الصحافى الألكترونية، دار الأسامه للنشر والتوزيع، الأردن ـ عمان.
عبدالعزيز. الحيزان. (2004)، البحوث الاعلامية، أسسها، اساليبها، مجالاتها، مكتبة ملك فهد الوطنية اثناء النشر، طبعة الثانية. الرياض
فضل الله. احمد و حسين. حسين. (2017). الصحافة الالكترونية عناصر البناء و التصميم، مركز البحوث والتواصل المعرفي، المملكة العربية السعودية ـ الرياض.
كنعان. علي. (2014)، الصحافة ألكترونية في ظل الثورة التكنولوجية، دار البازوري العلمية للنشر والتوزيع، الطبعة العربية، عمان.
اللبان. شريف. (2014). الصحافة الإلكترونية دراسات في التفاعلية و تصميم المواقع، دار المصرية اللبنانية، الطبعة الرابعة، القاهرة.
محمود. سمير. (2011). الأخراج الصحفي، دار الفجر للنشر والتوزيع، الطبعة الثانية، القاهرة.
الموسوي. كريم. (2011). أخلاقيات الإعلان، دار ومكتبة البصائر للطباعة والنشر والتوزيع والإعلام، بيروت ـ لبنان.
موسى. بيرق. (2015). فن الإخراج الصحفي لمواقع جرائد الآلكترونية، دار الغيداء للنشر والتوزيع، عمان.
نجم. طه. مناهج البحث الإعلامي،: الكلمة للنشر والتوزيع، مصر ـ الاسكندرية.

## چوارەم: سەرچاوە فارسییەکان

### کتێب:

دانسی. مارسل. (2018)، فهم نشانه‌شناسی رسانه‌ها، ترجمه: گودرز میرانی و بهزاد دوران، انتشارات علمی و فرهنگی، تهران.
لنگفورد. مایکل (2010). عکاسی پایه، ترجمه: رضا نبوی،: دانشگاه هنر. تهران.
ویلسن. دیوید. (2010). عکاسی حرفه‌ای عکاسی سازه‌ها، ترجمه: مهرداد دعوتخواه، سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها (سمت) مرکز تحقیق و توسعه علوم انسانی. تهران.